# مەرگی خۆر = مردنی هەموو شتەکان

شۆرش محەمەد عەلی

لەسەر پشتە رەقەی کیسەڵی

مێژووی سەهۆڵ بەندان،

بەقامکی خۆر ..وا هەڵکەنرابوو : ـ

ئەو کاتانەی سکی من.. منی خۆر

بەحەزی شەهوەتێکی نا ئاسایی .. پڕ بوو،

لەژانە تەقینەوەیەك و

چرکە هاوارێکی چڕنووك وەسێن

ئادەمی شیعرو حەوای عەشق لەدایك بوو..

دوای نەرمەبارانی

پڕووشە خۆڵی خوێن و

ووردە بەردی ئێسقان و

فریشتە رۆحی سپی

شیعرو عەشق ئاوێتەی یەك بوون..

بەگڕی ئۆکسجینی رۆحی من و

رەشەبای حەزو

بارانی خوێن و

خەزانی عەشق و

شەیتانی رِق و کینە...

هێلکەی زەویان ڕەنگاو ڕەنگ کرد!!

تەوراتی ڕۆح و

ئینجیلی تەمەنو

قورئانی زیندووبونەوەی

بەهەشت و دۆزەخیان سازاند!!

ئەوەتا : خوای هۆزان

پێغەمبەری ئەشق

فریشتەیٚ نـــــــان

هەرشەو، بەگەوجی

لەسەر سفرەی مەرگی زەوی دادەنیشن..

هێڵی بزماری سەر سینگی من

دەخوێننەوەو تێم ناگەن

لێم نزیک دەبنەوەو

پێم ناگەن!!

چ نهێنییەکە ئەم نهێنییە..

تەنهاو تەنها خۆم دەزانم

تەمەنی ئەشق و شیعر

چاوی ئەشق و شیعر

قژو دل و ڕۆحی ئەشق و شیعر

لەتەمەنو چاو و قژو دل و

رۆحی من دەکـــــــا

کەی من مردم .. ئەوانیش و تۆش خۆش